# لەساڵی تازەدا ,ئیمەیڵێك كە نایینێرم...!

**توانا ئەمین**

خوێنەرێك لەسەر كتێبێكی مۆسیقا هەڵدەسێنم و داوای جگەرەیەكی لێدەكەم ,ئەو حەپەساوو ووڕ داوام لێدەكات دوبارەی بكەمەوە من ڕاستاو ڕاست دەڵێم جگەرەیەكم بەرێ‌و ئەو زۆری دەهێنێت ومن ئەوەندە سستم بە ئەستەم دەمم بۆ هەڵئەچڕێ و دەڵێم ئەگەر نامدەیتێ دەڕۆم....!
ئەو لەوە دەترسێت من فرسەت لەساتێكی وا وەرگرم و دڵناسكی خۆمی تیا بەیان بكەم ,بە قەلەقییەكی زۆرەوە هەڵدەستێ‌و جگەرەیەكم لەگیرفانی پاڵتۆ زیرەییەكەیدا بۆ دەردەكات.
من گێژ و نوشوست بە پلیكانەكاندا ووڕ ووڕ پێدائەنێم و دەزانم چەندە جەستەم بۆ سەرەوە هەڵدەكشێت ئەوەندەش بەناو خۆما بەردەبمەوە بۆ كەندێك كەدەمێكە تیایا گیرم و دەربازم نابێت ....بیر لە تۆ دەكەمەوەجگەرەكەم بە لێوەوەیەو بیر لەتۆ دەكەمەوە لە تـــۆ كەهێشتا نەمدیویت و ناتناسم ! لەتۆ كە شەوێكی ئاوا ساردی پڕ بێكەسیم حەزتكرد وەكو دۆستێك خۆت بناسێنی و من لە چاتینی سایتێكی گەنجانەدا لەترسە زوقمی ناوخۆم و ڕەهێڵەی دەرێ هاتبوومە كافییەكەوەو دەمویست لەیەك كاتدا دوو گەرمیم چنگ بكەوێت ,كە عەیامێك بوو لە یەكێكیان و ئەبەدێك بوو لە دووەمیان بێبەش بووم .
بیرمە پرسیاری سادەت دەكرد و وەڵامی تێكچڕژاوم دەدایتەوە كەهەموویان بە كەفی نائومێدی سەرتوێژیان گرتبوو...تۆ وەك كچە جحێڵێكی پڕ لەوزەو ئیقاع و من وەكو پیرە پیاوێكی دەسبەتاڵی ئەم ڕۆژهەڵاتە فەرامۆشە دەدواین ...من وەكو هەمیشە كەنائومێدیەكەم زۆرم بۆ دەهێنێت هەمووشتێ بەجێدێڵم ئاوا بەجێم هێشتی ,نازانم بۆ گەمژەیی ئەوەم كردبوو ئەدرەسەكەم بۆ جێهێشتبوویت.
جگەرەكەم بە لێوەوەیەو لەو باڵكۆنە ساردو چۆڵەدا دێم و دەچم و ساردەباش قاژ قاژم دەكات بیرم دەكەوێتەوەو دەبێ ئاگر پەیداكەم, ئەگەڕێمەوە خوارەوەو جارێكی تر هاوڕێكەم لە سەر كتێبی نۆتەكان هەڵئەسینمەوە و پێیدەڵێم ئاگرم بداتێ ....تۆ لەژورێكی گەرمی شارێكی ساردا بەدیار گۆرانییەكی فارسیەوە ئیمەیڵكانت بۆ من دەنێریت و من لە دڵێكی ساردی ناو جەستەیەكی ساردی شارێكی ساردا هەموویان هەڵدەگرم و لە خوێندنەوەیانا تێدەگەم كە قورسای مێینە لەژیانی پیاودا تەنها ئەوەندەیە كەناهێڵێت لیتەی بەدبەختی بگاتە قوڕقوڕاگەی ... بەنامەكانتا دەزانم كە ژن چ سیحرێك لە ئێمەو چ دەستێكەڵكردنێكە نامەردانەی لەگەڵ ئەو شتەدا هەیە كەمن قسەی لەگەڵ ناكەم و خەڵك ناویان ناوە ژیان.
دەزانم لەوە دەچێت ئیستێ كاتی خوێندنەوەی شتەهایەكی لەم بابەتە نەبێت ,من دوكەڵ دوكەڵ جگەرەكە هەڵدەمژم و دەخوازم چیتر هەوای ساردی دەرێ قڵیش نەكاتە ڕۆحمەوە ... بیر لەتۆ دەكەمەوە لە تۆ...دەڵێم بۆ لەوەڵامی ئیمەیڵێكی مندا نوسیبووی "سوپاس بۆ ئەو هەستە جوانە,بەڵم ببورە بەڕێز لەوانەیە ئەدرەسەكەت بەهەڵە وەرگرتبێت من ئەو كەسە نیم كەتۆ باسی دەكەیت....!!" ئەوەندەی تر گێژ دەبم بە حاڵ ڕوناكی گڵۆپە زەردەكانی جادەكەی ئەوبەر چاودەكەم ,ئەوان ئەستێرەیی تیشكی خۆیان بێ‌پەروا درێژدەكەنەوەو من هێشتا لەو ئاریشەیەدام بۆ ئێوە لەخۆرئاوا یادەوەریتان هێندە لاوازە كە ناتوانێت كۆمەكی بیرخستنەوەی سێبەری لاری درەختێكی ئەو بەرماڵكەتان پێبكات و من بۆ یادەوەریم وەختە بمخنكێنێ‌و توند توند بووە لە ملم و هێور هێور هەناسەم قەپات دەكات و دەكۆكم و زۆر دەكۆكم فلتەری جگەرەكە بەدیوارەكەی بەردەمم دەكوژێنمەوەو نازانم بۆ كوێی فڕێدەدەم وەختێك ئاگرەكە دەهێنمەوە بۆ هاوڕێكەم ,سەری داژنەوییە بەسەر كتێبەكەیداو ئاگرەكەم لێوەر دەگرێ ,وەلێ من دەزانم ئەو جگە لەو خەیاڵانەی من لەوكتێبەدا هیچی كەی بۆ نەخوێندراوەتەوە.